# مزگێنی بۆ ناسری ڕەزازی

## ‹ مینا هەستا    ڕابە هەستا ›

**نووسینی: دوکتۆر ڕوئیا تلوعی**

دەڵێن مۆسیقا چێشتی ڕۆحە. کاتێك دێڕەکانی شیعر بە شنەی مۆسیقا دەکەوێتە سەما، گۆرانی بەدی دێت. پێم وایە گۆرانی بۆ ڕۆحی کورد چێشتێکی خۆشتر و بە تامترە. هەر مرۆڤێکی کورد چ هەستی شاعیرانەی بێت چ نەیبێت، گۆرانی کوردی پێ خۆشە. ساڵەهای ساڵە شیعری شۆڕشگێڕانەی کوردی بۆتە گۆرانی و لەم نەوە بەو نەوە گەیشتەوە و ئاواتە ڕزگاریخوازەکانی کوردی لەم سنگەوە بۆ ئەو سنگ بردووە. تەنانەت ئەو کاتەی نووسەر و نووسینیشمان کەم بوون گۆرانی کوردی دەنگی شۆڕشی ڕاگرتووە. لە بیرەوەریەکانی کاتی منداڵیمدا شینی خوشکە لەیلام قەت لە بیر ناچێ. شینی خوشکە لەیلا زۆر لە منداڵی ئەو کاتەی بە ناوی «لەیلا قاسم »ی شۆڕشگێڕ ئاشنا کرد. ئیمڕۆکەش بۆ «لەیلا زانا » گۆرانیان وتووە.

بڕێك لە گۆرانی بێژانی کورد توانیویانە خاوەن ڕەوشتێکی (سەبك) تایبەت بە خۆیان بن و هەر بەم هۆیەش خۆیان و دەنگیان لە مێژووی کورددا هەتا هەتایی کەن و دوای مەرگیش هەر بژین. بە ڕای من یەکێك لەوانە« ناسری ڕەزازی »ە. جگە لەوەی کە «مەرزیە» وەك ژنێکی ئازا هاتۆتە بواری هونەرەوە و بێگومان ڕۆڵی ناسر لەوەی کە سەرکوتی مەرزیەی نەکردووە دەتوانێ هاوتای ئازایەتی مەرزیە جێگای ڕێز بێ، ڕەوشتی نوێی ناسر لە گۆرانی خوێندندا و هاندانی ژنان بۆ ڕزگاری ،دەیکاتە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هونەر و بزاڤی ژنی کوردیش بە هەمان شێوە.

داهێنان و خولقاندن لە گۆرانی ناسردا لەوێیدا خۆی بە جوانی نیشان دەدات کە لە گۆرانی میناخانمدا لەگەڵ ئەوەی بە مۆسیقایەکی شاد هانی هەڵپەڕین و شادی ژن دەدا و بە سەر جوانی و میهرەبانی ژندا دەڵێ (وەك زۆربەی گۆرانییە کوردیەکانیتر) لە ناکاو بە پەیڤی شاعیرانە بەو ژنە شادە دەڵێ لە خەو ڕاپەڕێت و دنیا و نیزامی کۆن بگۆڕێت. پێم وایە دە ساڵێك دەبێت کە ئەم گۆرانیە بێژراوە، بەڵام نازانم چەند کەس لە کاتی هەڵپەڕیندا گوێیان داوەتە ئەو پەیامە گەورە.

*مینا هاوار تا کەی دیلی*

*تاکەی ژێردەستی و زەلیلی*

*هەتا کەنگێ کۆمەڵگای من تۆ بە کاڵا و جنس دادەنێ*

*مافی ئینسانیت نادەنێ*

*هەتا کەنگێ لە لای ئێمە کچ دەفرۆشن، ژن دەفرۆشن*

*سەودا و کاسبی پێوە دەکەن یەکسەر مافی پامال دەکەن*

*مینا هەتا کەنگێ پەستی*

*دیلی، یەخسیری، بندەستی*

*بەستە ئیتر، رابە هەستە*

*هەتا کەنگێ وا چاو بەستە*

*بۆ خۆت نەکەی کۆشش هیچکات*

*جنسی نێر حەقت پێ نادات*

*بە تەقەلا و رەنجی خۆتە*

*دەیبەزێنی بەزم و مۆدە*

*مینا بەستە رابە هەستە*

*تاکەی دیلی لە ناو تۆڕدا*

*بەسیە ئیتر دنیا گۆڕا*

*ئەو نیزامە کۆنە دۆڕا*

*مینا بەستە رابە هەستە*

گرنگترین خاڵی پۆزەتیڤی ئەم کارەی ناسر ئەوەیە کە پەیامی راپەڕین و رزگاریخوازی ژن بە شێوەی گۆرانی دەگەیەنێتە گوێی تەواوی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای کوردی، چ دەوڵەمەند، چ فەقیر، چ ژن، چ پیاو، چ شاری، چ دێهاتی و... هتد. دێڕ بە دێڕی ئەو پەیامە دەکرێ لەبەر بکرێت و بوترێتەوە و لە زەینی بیسەردا مسۆگەر بێت. هەر دێڕێکی ئەم پەیامە جێگای بیرکردنەوە و باس و لێکۆڵینەوەیە و نەك لە رابردوودا کە لە ئیمرۆشماندا دەتوانین نموونەی زۆری بۆ بێنینەوە.

**مینا هاوار تاکەی دیلی؟*

وایە؛ ژن دیلە. لە سیستەمێکی پیاومەزنانەدا ژن کۆیلە و پیاو توندوتیژ رادێت. ژن و پیاو هەر دوو دیل و ئەسیری سیستەمن، بەڵام ژن دوو جار دیلە.

**تاکەی ژێردەستی و زەلیلی؟*

ژن جنسی دووەمە و ژێردەستی پیاوە. کورد کەمینەی نەتەوەییە و ژێردەستی نەتەوەی باڵادەستی خاوەن دەسەڵاتە. کەواتە ژنی کورد سەرەڕای ژێردەستەیی نەتەوەیی ژێردەستەی جنسیشە. ژن زەلیلە، لێی دەدرێ، مافی دەربڕینی بیروڕای خۆی پێنادرێ، باوەڕی پێناکرێ. ئەگەر بیەوێ خۆی بێت و ژێر رکێفی پیاوان نەبێ خراپتر هێرشی سەر دەکرێ، سەیر و سەمەرەش ئەوەیە کە پیاوانێك لێیان دەوێ جارێ زەلیل و بێدەنگ بێ تا ئەوان کۆمەڵگای کورد بە

هێـزی پیاوانـە رزگـار دەکـەن و خۆیـان دەبنـە ڕێبـەر؛ ئـەو کاتـە لەوانەیـە ئەگـەر نۆرەیـەك بـە ژن درا و کێشـە گرنگترەکـان مەودای نۆرەیەکیان بە ژن دا، لایـەك لـە ژن بکەنـەوە و ئیجـازە بـدەن لـە ژێـر رکێفـی فەرمانـەکانی ئەوانـدا بـیر لـە مـافی ژنـی کورد بکاتەوە!

*هەتا کەنگێ کۆمەڵگای من تۆ بە کاڵا و جنس دادەنێ؟*

وایـە ژن لـەم کۆمـەڵگا و نەریتەکانیـدا کـاڵا و شمەکـە. کاڵایـەك بـە نـاوی شـەرەف. کاڵایـەك کـە مامەڵـەی پـێ دەکـرێ و هەر کات پێویست بـێ بـە رشـتنی خـوێنی وەك قوربانییـەك، بـێ شـەرەفی پـێ دەشـۆنەوە. هـەر کـات پێویسـت بـوو قـەرزەکانی باوك و برا پاك بێتـەوە، وەك کاڵایـەك کـچ دەفرۆشـرێ؛ بـۆ نموونـە «شـەریفە لـە دێگـولان». لـە مێژووشـدا هـەر کـات پێویسـت بـە کوژانـەوەی ئـاگری شـەڕی نێـوان خێـڵ و عەشـیرەتەکان بـووە کاڵایـەك بـە نـاوی ژن وەك نرخـی خوێنـە رژاوەکـان مامەڵـەی پێ کـراوە. ئیمـڕۆش مامەڵـە بـە نـاوی ژن دەکرێـت و نـاوی ژن و خـەباتی ژن دەبێتـە کەرەسـە و ئـامێری خۆمـۆدێرن نیشـاندانی دەسـتەیەك هەڵــخواز. ژن کاڵایــە و تــەنیا شــێوازی مامەڵــە پێکردنەکــەی رواڵــەتێکی مــۆدێرنتر و فێڵەبازانــەی بــە خــۆوە گرتووە.

*مافی ئینسانیت نادەنێ*

بە پێی یاسـای ئـایینی ژن لـە خـوێن و مـیرات و شـایەتی و مـاف و زۆر شـتیتـر واتـە نیـوەی پیـاو. نرخـی تـوخمی چـەپی پیـاو لـە نرخـی گیـانی ژنێـك زیـاترە. نرخـی کۆرپـەی چـوارمانگەی نـاو سـك کـە بـە رەگـەز کـوڕە، دوو ئەوەنـدەی نرخـی دایکیـەتی. ئەمانـە بۆتـە نـەریت و لـە مێشـکەکاندا وا چـەقەی بەسـتووە کـە کـاکی ڕووناکبیرشـێوەش لـەم 25 سـاڵەدا (جگـە لە بەردەوامی بە درێژایی مێـژووش) وا راهـاتووە کـە نـاتوانێ خـۆی لـێ رزگـار کـات و ژن بـە مرۆڤـ بزانێـت. ژنـی چـاك، ژنـی بێدەنگە یا ئەگەر دەنگی هەیە بەڵێوێژی پیاوە نە زیاتر.

*هــەتا کــەنگێ کۆمــەڵگای مــن ژن دەفرۆشــن، کــچ دەفرۆشــن، ســەودا و کاســبی پێــوە دەکــەن؟ یەکســەر مــافی پامــاڵ دەکەن؟*

ژن بـە ژن هێشـتا هـەر دەبینـدرێ، هێشـتاش لـە تاقیگـەی ناوەنـدی سـنە کچـی 15 سـاڵە لەگـەڵ پیـاوی تەمـەن 60 سـاڵ دێـت بـۆ تاقیکردنـەوەی خـوێن بـۆ زەماوەنـد. دیاردەیـەکی تـازەش خەریکـە روو لـە زیـاد بـوون دەکـات. ئـەوەش ژنـی دەوڵەمەنـدی تەمـەن 50 و40 سـاڵ بەرەوسـەرە لەگـەڵ کـوڕانی تەمـەن 25-20 سـاڵ. ئـەوەش جۆرێـك فرۆشـی سـامانی ژنـە و زۆر لـەو پیاوانـە دوای ماوەیـەك سـامانی ژنەکـەیان بـە نـاوی خۆیانـەوە کـردووە و بـە جێیـان هێشـتووە. ئەمــەش هــەر نموونـەی سـەودا و کاسـبی بـە ژنەوەیـە کـە پیـاوانی گـەنج بـە هـۆی تـەنیایی و پێویسـتی بێوەژنـانی بەتەمـەنی دەوڵەمەنـد بـە خۆش ویستن دەوریان دەدەن و خۆیان عاشق نیشان دەدەن تا ئەو کاتەی کە بە ئامانجی خۆیان دەگەن...

لــە کۆمــەڵگای ئیمرۆمانــدا ژنانێــك لــە برســا لــەش دەفرۆشــن و پیاوانێــك بــۆ چــێژ لــەش دەکــڕن (بڕێکیــان لەملایشــەوە باس لە کورد و کوردایەتیش دەکــەن). کــەس لــەو پیاوانــە ناپرســێ ئێــوە بــۆ لــەش دەکــڕن، بــەڵام هەرچــی ژنــە چ لــەش فــرۆش چ لەش نەفرۆش دەبەنە ژێر پرسیار و گومان.

*مینا هەتا کەنگێ پەستی؟*

*دیلی بەخسیری، بن دەستی؟*



دوای ئــەو هــەموو پەســتی و بــن دەســتی ژنانێــك لــەم کۆمــەڵگادا هــ... بــۆ وڵامەکەی گەڕاون و لەم گەڕانەشدا ئازاری زۆر دەبینن.

*بەستە ئیتر رابــە هــەستە*

*هەتا کەنگێ وا چاو بەستە؟*

رابــە و رابــەکان چــاویان دەکەنــەوە ئــەوەی دەبــین هــەڵاواردن و بــە کــەم زانینــە. ســەیری خۆیــان دەکــەن، هەرچــی بــیر دەکەنەوە دەبینن ئــەمانیش مــرۆڤن و هیچــیان لــە پیــاو کــەمتر نیــە. جــاری واشــە لــە بــاری زانســت و ئــەقل و هۆشــەوە لــە زۆر لەوانــەی کــە شــانازی بــە رەگــەزی نێرینەیانــەوە دەکــەن، بــەرەو ســەرترن. هــەوڵ بــۆ راپــەڕین و رزگــاری هێزێکــی ئێگجــار زۆری دەوێ، بۆوەی کە جگــە لــەوەی کــە رووبــەڕووی دەســەڵاتی ئــایینی دەبیتــەوە، رووبــەڕووی دەســەڵاتی نــەریتی پیاوســالاری لــە نــاو کۆمەڵگاکەتدا دەبیت کە جــاری وایــە زۆر دژوارتــرە. برێــك لــە ژنــان کــە هــیچ دەرفــەتێك بــۆ رزگــاری لــەم بــن دەســتیە نــابینن، خۆیان دەسووتێنن. هــەر بــەم هۆیــەش پارێزگاکــانی کۆمــەڵگای کــوردەواری لــە بــاری خۆکــوژی ژنــان و بــە تایبــەت خۆســووتاندن لە ئێراندا بەر لە هەموو پارێزگاکانیترە.

*بۆ خۆت نەکەی کۆشش هیچکات*

*جنسی نێر حەقت پێنادات*

بــە راســتی ئەمــە جــوانترین و گــەورەترین پــەیامی گۆرانیــەکانی ناســرە. راســتیەکی حاشــاهەڵنەگرە، جنســی نێــر قــەت ئامــادە نیــە لــە مــەزنی و دەســەڵاتی خــۆی کــەم کاتــەوە، کۆیلەیــەکی لــە نێومالّــدا پێویســتە بێــدەنگ و بــەڵێ وێــژ و ئامــادەی خزمــەت چ بــە شــێوەی کــاری مــاڵی و چ بــە شــێوەی خزمــەتی جنســی. کۆیلەیــەك کــە دەبــێ ســك و ژێرســکی بــۆ تێــر کــات و هەر کاتیش حــەزرەتی پیــاو تــووڕە بــوو بــە ســەر ئــەو کۆیلــەدا بنــەڕێنێ و لێــی بــدات و ســووکایەتی پــێ بکــات و ئــەمیش لــە ترسا خۆی بشارێتەوە و بێدەنگ بێت تاکو ئاگری رۆحی توندوتیژی نێرینە دامرکێ.

*بە تەقەلاوە رەنجی خۆتە*

*دەیبەزێنێ بەزم و مۆدە*

ئەم ژنانەش کە گەیشتوونەتە ئەو قیناعەتەی کە دەبێ ئەم کۆیلەتی جنسیە قبووڵ نەکەن دیسان لە دەری ماڵیشەوە تووشی ئەو تەجرەبە دەبن کە هەرچەند پیاو بە رواڵەت خۆی لایەنگری مافی ژن و هاوکاری ژن نیشان بدات، بەڵام دیسان بۆ پیاو مەزنی و دەسەڵاتی خۆی دەگەڕێ. بە راستی ڕێژەی ئەو پیاوانەی کە لە ناخی دڵەوە باوەڕیان بە مرۆڤایەتی ژن و توانایی ژن بێت ئێجگار کەمە. زۆر لەم رووناکبیرشێوانەی خۆمان کە باسی ژن دکەن بە هیچ جۆرێک مەودای چالاکی بە ژنانی خۆیان نادەن یا ئەگەر بیدەن تەنیا ژنەکەیان بە رواڵەت لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و لە ژن بوونی ئەو بۆ شانۆی مۆدێرن بوونی خۆیان کەڵك وەردەگرن و بەو ژنە قەت مەودای قسە کردن و بوون لە پانتاکەدا نادەن. بۆ نموونە پیاوێك لە کۆنگرەیەکدا وتارێکی پێشکەش کرد کە لە رواڵەتدا بە هاوکاری ژنەکەی نووسیبووی، زۆریش شانازی بە رۆشنبیری خۆیەوە دەکرد. پرسیار لای هەموان دروست بوو کە باشە بۆ تۆی رووناکبیر مەودای خوێندنەوەی وتارەکە بە ژنەکەت نادەی؟ باشە بۆ ژنە نووسەرەکەت ئەوەندە بێدەنگە؟ نەکا تەنیا ناو و رواڵەتی ئەو کەرەسە و ئامێری خۆنواندنی تۆیە؟

ئەم نموونە و زۆر نموونەکانی تر ئەو راستیە دەردەخات کە ژن بە هەموو دژواریەکانەوە ناچارە خۆی هەوڵ بدات و ئەم شانۆیەش کە دەکرێ تێك بدات و خۆی دەبێ خۆی رزگار کات.

**مینا بەسە رابە هەستە*

*تاکەی دیلی لە ناو تۆڕا*

لەم رۆژانەدا:

شەهلا هەستا،



هیوا هەستا،



رۆیا هەستا،



دیبا هەستا،



نگین هەستا،



فەریدە هەستا،



گوڵاڵه هەستا،                                   سەردەشت هەستا،





و      و      و

و هەستان...

رابە هەستا،مینا هەستا.هەستان ویتان شانۆ بەسە، ئیتر کلاومان سەر مەکەن. ژنان وتیان:

*بەسیە ئیتر دنیا گۆڕا*

ژنانی جیهان کەوتوونەتە خەبات. شەپۆلی بزووتنەوەی جیهانی ژنان ، ژنانی کوردستانیشی گرتۆتەوە. ئێمەش خاوەنی بزاڤی خۆمانین.

*ئەو نیزامە کۆنە دۆڕا*

ئیتر کلاومان سەر ناچێ. ماتڵ نابین. کوردستانمان بۆ رزگار کەن، جا ئێمە قسە لە دیلی ژن بکەین. ئێمە رێگای لەیلا قاسم و لەیلا زانا و ژنانی رزگاریخوازی دنیا درێژە پێ دەدەین. بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی ئێمە لە بزاڤی رزگاریخوازی ژنمان جیاواز نیە. ئێمە خۆمان ئاگا و وشیار دەکەینەوە و بە چەکی زانست و ئاگایی و دیموکراسیخوازی و بە دوور لە توندوتیژی فریای نەتەوەکەشمان و خۆشمان دەکەوین.. رزگاری کوردستان رزگاری ژنی کوردە لە کۆیلەتی و بندەستی .ئەو نیزامە کۆنە دۆڕا کە بە ژن دەڵێ بزاڤی تۆ رێگری بزاڤی نەتەوەیە. دۆڕا ئەو بیرۆکە فاشیستانە کە لە جیهانی ئیمڕۆدا و لە سەردەمی جیهانیبووندا هیچ جێگایەکی نیە. ئەقڵ و ئاوەزی نوێ دەڵێ بزووتنەوەکان لە جیهانی ئیمڕۆدا پێناسەیەکی نوێیی هەیە و بزاڤی ژن، بزاڤی ژینگە، بزاڤی مافخوازی نەتەوە، بزاڤی خوێندکاری و...هتد. هەمووی بەشێك لە دیسکۆرسی بزاڤی نوێی کۆمەڵایەتی و تەواوکەری یەکترە و هیچیان پاش ئەوی تر نیە. ئەوەی کە بە بزاڤێ کە لە سەرەتای ژیانەوەی دووبارەی دایە دەڵێ دۆڕا ، نیشان دەدات فەرهەنگێکی دواکەوتووی هەیە و لە جیهانی ئیمڕۆدا بێگانەیە.

*مینا بەستە رابە هەستە*

ژنانی کوردی رۆژهەڵات لە هەر باوەڕ و ئایدۆلۆجیایەك دەتوانن لە سەر ژن بوون و کورد بوونیان بگەنە ئامانجی هاوبەش. بە پێچەوانەی ئەو رووناکبیرنمایانە کە هیچیان ئەویتریان قبوول نیە و بەردەوام خەریکی شەڕ و سووکایەتی کردن بە یەکترن. ژنانی ئێمە نکۆڵی لە بوونی بیروڕای جیاواز ناکەن و خەونی رێبەرایەتی کاریزماتیکی گەلی کورد و قارەمانەتی لە رۆژگارەکەی تێپەڕ بووە نابینن.

هەموو هەوڵیان رزگاریە لە بندەستی و هەڵاواردن، چ جنسیەتی و چ نەتەوەیی. میناکان و رابەکانی ئیمڕۆ ئەوەندە ئاگا و وشیارن کە بە تۆندوتیژی و هەڕەشە و سووکایەتی و تۆمەتی ئیخلاقی و سیاسی تاقمێك کۆنەپەرەست پانتا بەجێ ناهێڵن. ژنی ئیمڕۆی کورد خاوەنی ئەوەندە پێوەندی و هاوفکرە لە جیهاندا کە دەتوانێ دەنگی نارەزایی خۆی تا ئەوپەڕی جیهان بگەیەنێ و بە هەموو بڵێ:

من کەرەسە و ئامێر نیم،

دیل نیم،

کۆیلە نیم،

ناڕازیم،

یاخیم،

هەوڵ ئەدەم بۆ رزگاری،

خۆم تەقەلا و کۆشش دەکەم.

کەواتە ناسری عەزیز دیسان بخوێنە بۆئازادی و رزگاری ژن لە بن دەستی.

مزگێنی بێ رابە هەستا، مینا هەستا.